# K tv بۆ ئاوا كه وتۆته گیانی كه لتوری كوردان؟!

ڕێناس جاف

ده زگای پۆخڵی ڕاگه یاندن و پرۆپاگه نده ی ڕژێمی كۆماری ئیسلامی ،به درێژایی 26 ساڵان له ده سه ڵاتی ڕه شی به سه ر ئێراندا،به رده وام هه وڵی داوه سیمای مرۆڤی كورد بخه وشێنێ و ڕوواڵه تێكی سه ربڕ و بكوژ، له زه ینان دا جێ بخات. جا به و مه به سته ش هه موو كه ره سته كانی ڕاگه یاندنی دیتاری و بیستیاری خۆی ده كار هێناوه.

مێدیاكان له و نێوانه دا ئاڵۆزترین ده وریان گێڕاوه و بوونه ته دارده ستی ڕژێم.
مخابن هه تا ڕاده یێكیش ئه و نیازه دزێوه یان بۆ چۆته سه ر و به ڕاستی بیر و هزری ناكورده كانیان له نێو ئێراندا له حاند كوردان، ته واو به شێوه یێكی نه رێنی ورووژاندووه و بگره شێواندووه.

گه ر ئاوڕێک له ساڵانی نه فره دووری كاركردی مێدیاكانی كۆماری ئیسلامی له حاند كوردان، بده ینه وه ، ئه وان به هه مه چه شنه به گژ كه لتوری كورددیا چوونه و كارێكیان به خه ڵكیش كردووه، سیماییكی لێڵیان له سه ر زه ین له حه نای كوردان، لا نه خش ببه ستێ.

له ڕادوێ دا هه مان سیاسه ت به كار براوه و دژ به كوردان پیس ترین و نامرۆڤانه ترین سووكێتییان ڕه وا بینیوه.

له سه رده مێكدا دونیای هه واڵ زانی و پێوه ندی، ئه وه نده ی ئێستا له پێشێ نه بووه، خاسما لای وڵاتانی ڕۆژهه ڵاتی ناوین، ڕژێم به كوشنده ترین شێوه جه ماوه ری به گژ كوردان دا داوه و تاڵترین سیمای له مرۆڤی كورد، له سه ر زه ینان نه خشاندووه. به ڵام سینه ما به شێوه یێكی نیاز ناپاكانه تر، ده گه ڵ كه لتوری كوردان، هه ڵس و كه وتی كردووه.

ئه و فیلمانه ی له شاشه ی ته له فزیۆنه كان و له سه ر په رده ی سینه ماكانه وه له سه ر كوردان، پیشانی بینه ر دراون، مرۆڤی كوردیان ته واو به شه ڕانه چی ، ئاژاوه گێڕ، بكوژ و سه ربڕ و دز و جه رده و قاچاخچی و به دوور له سیمای شارستانی، خستۆته پێش چاوان.

گه ر لاێیک له و فیلمانه ی بكه ینه وه له سه ر كوردان چێ كراون، حه قیقه تی تاڵی پرسه كه مان لا ڕوون ئه بێته وه كه ڕژێم به هۆی مرۆڤه به كرێگیراوه كانییه وه له نێو مێدیاكاندا، چلۆن جه ماوه ری ئێرانی به گژ كورداندا داوه.

له بیرمه نێزیكه ی 15 ساڵان له مه و به ر ته نانه ت ئه و بیره چه وته

وا دزه ی کردبووه نێو ناوه‌نده زانکۆییه کان که به ڕاستی گه لێ جێی داخ و که سه ر بوو.
هه رکه ده گه ڵ خوێندکارێکی ناکوردا به ره و ڕووو ده بووم، یه که م پرسیاریان ئه وه بوو باشه به ڕاستی کورد سه ربڕه؟
جوان دێته وه یادم ساڵێکیان ده گه ڵ کوڕێکی ئه هوازی دا له گه ڕه کی خوێندکاران، یه ک ژووریان دابوینێ.
کوڕه ی داماوی ئه هوازی هه رکه زانی کوردم، بڕواتان بێت هه تا نێزیکه ی 5–6 مانگان، به شه وان له ژووره که دا نه ده مایه وه.
ئیدی تۆ بۆ خۆ بزانه ده بێ خه ڵکی ئاسایی چلۆن بوو بن و چۆن چۆنیان ده مێشک بردبن.
ئه مه به ڕاستی نامرۆڤانه ترین شێوه ی مامه ڵه ده گه ڵ کوردانه و گه وره ترین تاوان و په ڵه ی شه رمه زاریشه به نێو چاوانی ڕژێمی کۆماری ئیسلامییه وه .
به ڵام ئێستا به تێپه ڕینی ئه و هه موو ساڵانه ، کۆماری ئیسلامی دیتی که ئیتر فێڵه که ی وه ک جاران کاریگه ر نابێت و جه ماوه ر شوکر وریا بوونه ته وه،
به شێوه ی دی که وتۆته گیانی کوردی ڕۆژهه ڵات.
با ئه وه ند له مه به ستی سه ره کی ئه م نووسینه دوور نه که وینه وه.
ئه مه به ینه سه ر به هه ر کوڕ و دانیشتنێکی نێو کوردان و بگره ناکوردانیشدا ده که ی، باس باسی گرووپه تێرۆریستییه که ی شێخ زانایه.
ئه م گرووپه چلۆن سه ری هه ڵداوه و له که یه وه هه ڵمه تی تێرۆریستی ده س پێکردووه و سه رچاوه که یان له کوێ ئاو ده خواته وه ؟،
وه بزانم به م زووانه هه موو شتێ ئاشکرا بێت. به ڵام ئه وه ی لێره مه به ستی منه ،لیڵکاری و چه واشه کاری که ناڵی k v یه که به شێوه یێکی ناژیرانه
و ته نیا له به ر به رژه وه ندی به رته سکی پارتایێتی و حیزبی، له ڕاستیدا زنجیره ی ئه م گرووپه ی خستۆته سه ر و هه مان مامه ڵه ی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی ده گه ڵ کورد و که لتوری کوردان، له سه ر زه ینان دووپات ده کاته وه و شریته کۆنه که ی خستۆته وه سه ر.
ناشاره زایێتی و له کار نه زانی له بواری مێدیایی و کاری به رته سکی حیزبایێتی، ئاخرییه که ی هه ر ئه وه ی لێ ده که وێته وه.
تۆقاندن و ترساندن و خستنه به رچاوی کرێت ترین و خۆفناک ترین وێنه و دیمه ن له گرووپێکی تێرۆریستی کورد، به ڕاستی هه ر له که ناڵێکی وه ک k tv ده وه شێته وه.
ئاماده که ران و په خش که رانی ئه م له ڕاستیدا فیلمه مۆنتاژ کراوه له سه رکار و هه ڵمه ته تێرۆریستییه کانی گرووپه که ی شێخ زانا،
به شێوه یێکی پڕ کوێرانه هه موو که لتوری کوردییان نیشانه گرتووه و

به ردێکی ناژیرانه ی ئه وتۆیان خستۆته نێو گۆمه که ی کوردانه وه
که زه حمه ته به هه زار مرۆڤی ژیر بتوانێ ده ری بێنێ.
لاو لاشه وه ده سته ی به ڕێزی سه رۆکایێتی پالیان لێ داوه ته وه و
گوێیان بۆ که رکه ده نیش شل نییه و پڕ به و ده سکه وته ش خه نین.
جێی داخێکی گرانه زۆربه ی ئه وانه ی نها له دونیای مێدیای کوردیدا
ده خه به تێن، خاسما له که ناڵه کانی کورستان تی ڤی و کوردسات دا
که سانێکی به بیر حیزبین و سه ریان ئه وه نده له کار وباری مێدیایی
ده ر ناچێت.
که سیش نییه جارێ بۆ خوا پێیان بێژێ ئه رێ براینه : به سه ، له مه زێتر
زه بر له چاند و که لتوره که مان مه ده ن، کوره ئیتر بیبڕنه وه،
بۆ تێر نابن ، کاری مێدیایی برا هه ر وا نه سووک و هاسانه .
کارێکیان به کورد کردووه ، دزێوترین و ناشارستانی ترین سیمایان
له مرۆڤی کورد خستۆته به ر چاوان.
کوره به سیه تی بۆ خوا، ئیتر وه ک جاره که ی جاران، خه ڵکتان
بۆ ناخه ڵه تێ.
کوره ئا چاوێک له مێدیاکانی لای ترک، عه ڕه ب و فارسان بکه ن و تۆزێ
ژیر بن .
ئاخر کاکینه : کورد چه نده ی که ناڵی سه ته لایتی له وه رده سدایه، ئێوه
ئاوا له به ر بیری چه وتی حیزبی خۆ، هه موو شتێ به یه کجاری ڕاده ماڵن و
گشت شتێکتان به گه مه گرتووه.
ئه و ڕاژه و خزمه ته ی ئێوه به نه یارانی کوردی ده که ن، بۆ خۆشیان
به سه دان پیلانی گلاوی ئه وه نده یان بۆ ناچێته سه ر.